# یاسا بنەڕەتییەکان بناسە



**ئامادە بە و نیشانەکان بناسە**

بەگشتی دایک و باوک زۆر باش دەزانن کە کێشەیەک هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئاساییە بۆئەوەی نیگەران بیت کە ڕەنگە نیشانەکانی منداڵەکەت دەستنیشان نەکەیت. متمانە بکە بە غەریزەکانت، تۆ منداڵەکەت لە هومووکەس باشتر دەناسیت.

شێوازی دەستنیشانکردنی نیشانەکانی نەخۆشی توند و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو فێربە کاتێک کە ڕووداو ڕوو دەدات. گەر یاسا بنەڕەتییەکان دەزانیت و ئامادەیت، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوت بۆ ئاسانتر دەبێتەوە.

**ڕێژەیەکی کەم لە بەرهەمی دەرمانی بەکەڵک** دابنێ لەناو **دۆڵابی قفڵکراودا** یان **شوێنێکی بەرز** کە منداڵ نەتوانێت دەستی پێڕابگات. بۆ زانیاری لەو بڕگانە کە لە کاتی پێویستدا دەبێ لەماڵەوە هەبن سەردانی چوارگۆشەی لای چەپ بکە. **دڵنیا بەوە کە دەرمانەکەت گونجاوە لەگەڵ تەمەنی منداڵ**، بەردەوام پەیڕەوی بکە لە ڕێنماییەکان و ڕێکەوتی دەکارکردن کۆنتڕۆڵ بکە. بەوردی لەزگە بخوێنەوە. **ئەسپرین مەدە بە منداڵانی خوار 16 ساڵ.**

بەر لە ڕوودانی بارودۆخێکی فریاگوزاری ئیحتیمالی زانیاری بەدەست بێنە دەربارەی CPR (ژیانەوە) بە سەردانی ماڵپەڕی www.redcrossfirstaidtraining.co.uk.

**وادیارە منداڵە ساواکەت تووشی نەخۆشییەکی توند بووە دەستبەجێ یارمەتی پزیشکی وەربگرە.**

## دەرمانساز دەڵێت

ڕێژەیەکی کەم لە بەرهەمی دەرمانی بەکەڵک لە شوێنێک دابنێ. لەوانە:

- تەرمۆمەتر
- گەچ
- هێمنکەرەوەی شلە ( بۆ نموونە پاراستامۆلی **بەبێ شەکرە** یان ئیبۆپڕۆفەن)
- مەڵحەمی بەربەست

## پاراستامۆل و ئیبۆپڕۆفەن

بەکارهێنانی پاراساتمۆلی **بەبێ شەکرە** یان ئیبۆپڕۆفەن بۆ ئەو منداڵانە کە تایان هەیە و ناڕەحەت دیارن (وەک ڕێسایەکی گشتی پلەی گەرمای سەرووی 37.5 سیلیز (99.5 فارەنهایت))، چونکە ئەم دوو دەرمانە دەتوانن یارمەتی کەمکردنەوەی تا و ناڕەحەتی بدەن. سەرەتا ئەو چارەسەر بکە بە پاراستامۆل **یان** ئیبۆپڕۆفەن. لەوانەیە کاتژمێرێک بخایەنێت بۆئەوەی دەرمانەکان

کاریگەری پێشان بدەن. **نابێ** پاراستامۆل و ئیبۆپڕۆفەن لەگەڵ یەکتر و لەیەک کاتدا بەکاربهێندرێن. لەگەڵ ئەوەشدا گەر منداڵەکەت بەر لە کاتی بەکارهێنانی دۆزی دواتر هەوا ناڕەحەتە، ئەو کاتە لەوانەیە بتهەوێ دۆزی دەرمانێکی تر تاقی بکەیەوە. نابێ ئەسپرین بدەرێت بە منداڵانی خوار 16 ساڵ.